سیاسی نەزان بەڵایە ... ئازا شوان

(جەرج ئورویل) دەڵێت:" لە سەردەمی ئەمەدا، شتێک نییە بە ناوی دوور لە سیاسەت، هەموو کێشەکان کێشەی سیاسین".. بەگومان سیاسەت بە گرنگترین پایەکانی دەوڵەت هەژماردەکرێت.. بە سیاسەتێکی ئاڕاستە و دروست دەوڵەتان بەڕێوەدەچن و دەتوانن بە ئاشتی و ئاسوودەیی لەگەڵ یەکتری دا هەبژین.. هەر لە ڕێی سیاسەتیشەوە دەوڵەتان دەتوانن ڕێز و پێگەی باشیان لە نێو نەتەوەکان دا هەبێت.

لە ئەمەدا سیاسەت وەکو زانیارییەکی پێویستی سەربەخۆ، بە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و کۆمەڵگا بە شێوەیەکی ڕاست ودروست، لە زانکۆکانی جیهان دا دەخوێندرێ و کۆلێژی تایبەتی زانیارییەکانی سیاسەت هەیە.. ساڵانە بە هەزاران خوێندکار لە جیهان دا لەم کۆلێژانە دەردەچن و لە لقەکانی سیاسەت دا، خوێندنی باڵا تەواودەکەن و وەکو پسپۆر و شارەزایەکی سیاسی لە جمگەکانی دەوڵەت دا کاردەکەن.. وزیاتریش درێژە بە زانیاری و ڕۆشنبیری و شارەزایی سیاسییان دەدەن.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زانیاری سیاسی چەند گرنگێ لەم ڕەگەزەدا، بە تایبەتیش بە ئەوانەی ئەم بوارەیان هەبژاردووە و سیاسەت بووە بە پیشەیان و بە مەیدانی کار و خزمەتکردنیان.. تا ئەو ڕادەیەی کە سیاسی بە پزیشکی کۆمەڵایەتی و بە ئەندازیاری بە بەڕێوەبردنی دەوڵەت دەزانرێن. سیاسی دەسەز و پسپۆر و شارەزا ڕەزەکی تایبەتی لە لای گەلەکەی هەیە.

ئەوەی نەتوانێت، لە زانیاریەکان و لە هونەرەکانی سیاسەت شارەزابێت و نەتوانێت پراکتیکیان بکات.. یا ئەوەی ڕۆشنبیریەکی سیاسی ئەوتۆی نەبێت.. شایانی ئەوە نییە کە سیاسەت بکات بە پیشەی و لەم بوارەدا کاربکات و خۆی بە سیاسی بزانێت.
لە ئەمەدا لە کوردستانی ئەمەدا، کەسانێکی زۆری نەزان و نابەڕێز خۆیان لە سیاسەت هەڵقورتاندووە و خۆیان بە سیاسی ناودەبەن.. بەشێک لەم کۆمەڵە سیاسییە نەزانانە خۆیان گەیاندۆتە پایەیەکی بەرز و هەستیاری دەسەڵات لە باشووری کوردستان دا.. کەسانێکی ناسیاسی و ناڕۆشنبیری هیچ لەبارن.. بەڵکو هی وایان تێدایە، کە سێ شەو و سێ ڕۆژ لەمەنجەڵێک دا بیکوێنیت، بەوناکەم کە تنۆکێک سیاسەتی لەبەتە بەرهەم.. چونکە هیچ باگراوند و زانیاری و شارەزاییەکی

سیاسی و ڕەشنبیریان نییە.

(جەرج برنادشۆ) دەڵێت:" ئەو هیچ نازانێت، وا هەستیش دەکات کە زۆر دەزانێت، کەواتە سیاسەت دەکات بە پیشەی"
زیادەڕەیی ناکەین ئەگەر بڵێین، ئەمانە شەرپەنجەی دەسەڵاتن و هەکاری ئەو هەموو نەهامەتی و قوربەسەری و شکستی و ماڵوێرانیانەن کە بەسەر گەلەکەمان دا هاتوون.. هەکاری ئەو هەموو قەیرانانەن کە ڕووبەڕووی کوردستان بوونەتەوە.. ئەمانەن کە چارنووس و داهاتووی گەلەکەمانیان خستۆتە مەترسیەوە.. خەڵکیان بە هیوا کردوون.. کورد وتەنیشی:" بەردەک نەزان بیخاتە گەمەوە.. بە سەد زانا دەرناچێت"
(غەمگین کوردستانی" دەڵێت:" سیاسی نەزان، مەترسیە بۆ گەلەکەی، زیاتر لەو مەترسیەی کە دوژمنەکانی بۆ دروست دەکەن"
سیاسەتمەدار تا زیاتر بچێتە قووڵایی زانیاریەکانی سیاسەتەوە.. تا زیاتر خۆی ڕەشنبیر بکات.. تا زیاتر شارەزای هونەرەکانی سیاسەت و گەمەی سیاسی بێت.. باشتر دەتوانێت کار لەم بوارەدا بکات و سەرکەووتووبێت.. بە پێچەوانەشەوە، تا نەزان و نەشارەزا و بە ئەزموون بێت، ناتوانێت ببێت بە سیاسی و سەرکەووتووبێت لە ڕاپەاندن و لە جێبەجێکردنی ئەو کارانەی لە ئەستۆی دایە.. تووشی دەڵان و شکستی و شەرمەزاری دەبێت.. زۆر جاریش ئەم ناسیاسیانە، دەستی چۆربوویان بە خەڵکی تردا دەسڕن و پاکانە بۆ شکستیەکانیان دەکەن و خەیان لە بتاوان دەکەن.. ئەم سیاسیە نەزانانە هەست بە ئاست نزمی و بێ بێتوانایی خەیان دەکەن، بۆیە رقیان لە ڕەشنبیران و لە کەسانی خاوەن بەوانامەی باڵا و لە ئاکادیمی پسپۆر و لە سیاسەتزانانی بە توانایە.

بەشێک لەم سیاسیە نەزانانە حەز بە خۆدەرخستن دەکەن، بە تایبەتیش لە کاتی تەلەفزیۆنیەکان دا.. بەڕام بینەر و گوێگرانی ڕەشنبیرن دەزانن کە چەند ئاستی ڕەشنبیری و سیاسیان نزمە.. چەند قسەی ناباجێ و هەڵەق و بەڵەق دەکەن.
زۆر لەم سیاسیە نەزانانە، زۆر باش دەزانن کە سیاسی نین.. بەڕام دوای بەرژەوەندی خەیان کەووتوون، بە تایبەتیش دەستکەوتی ماددی و پۆستی دەسەڵات.. هەموو ژیانیان بە بەدەستهێنانی ئامانجێک تەرخان کردوون، ئەویش کورسی دەسەڵاتە، بە گەیشتن بەم ئامانجەشیان ڕەگای نادروست و نەشیاو دەگرنەبەر.. ئەوان بەوایان بە چەمکی (ئامانج پکانە بە هەکارەکان دەکات) لە ڕاستیش دا ئەمانە تەنها مەبەستیان گەیشتن بە کورسی و پۆست نییە.. بەڵکو ئەوان چاویان بەوەتە ئەو

دەستکەوتانەی کە لە پشتی کورسییەوە دەنێدی، وەکو دزی و خەوەمەندکردن و خەسەپاندن و گەندەڵی و تێکردنەوە لە هەرکەسێک پێیان بڵێن ئەوە پێتان خواردناوەن.

زۆر بەداخەوە، ئەو دەستکەوتانەی کە گەلەکەمان بە دڕیایەکی خوێن و فرمێسک.. بە هەزاران قوربانی ئەنفال و کیمیاباران.. بە کاولکردنی پێنج هەزار دێهاتی کوردستان هاتنەدی.. سیاسییە نەزانەکانمان زۆر بە ئاسانی لەسەر مێزی گفتوگۆدا دەیاندیان.. هەر ئەمانەش پارێزگای کەرکوک و خانەقین و ناوچە داگیرکراوەکانی تری باشووری کوردستانیان دەیاند.. چونکە گەمەکەرە سیاسی نەزانن.. لە زانیاری و لە هونەری سیاسەت دا نابەڵەدن.. نەیان توانی ناخی بەرانبەرەکانیان بخوێننەوە.. نەزان بوون و پێشبینی ئەگەر و گریمانەکانیان نەکرد.. هیچ پێند و وانەیەکیشیان لە نەهامەتییەکان و لە هەڵەخەڵەتاندن و لە شکستییەکانی رابردووی گەلەکەمان وەرنەگرتن.. (سوکرات) دەڵێ:" نەزان کەسێکە کە دووجار پێی لە بەردێک هەڵبکەوێت" تا ئێستا چەندین جار داگیرکەرانی کوردستان ئەم خاڵە لاوازەی سەرکردە ناسیاسییەکانی کوردیان قۆستۆتەوە و توانیویانە زۆر بە ئاسانی بیان خەڵەتێنن.. لە سیاسەتیش دا ڕەوشت و بەها و بڕوا بوونیان نییە.. سیاسەت هونەری هەڵخەڵەتاندنە، گەر تە نەتوانیت من بخەڵەتێنیت، من دەتوانم تە بخەڵەتێنم .. هەموو جارێکیش گەلەکەمان باجێکی زۆری ئەم هەڵانەی سیاسییە نەزانەکانمانی داوەتەوە.. کەچی ئەوان باکیان نییە و وەکو بەرزەکی بانان بەی دەرچوونە.

ئەوەتا لە ئەنجامی نەزانین و نابەدیبان لە سیاسەت دا، گەلەکەمانیان ڕووبەڕووی چارەنووسێکی نادیار کردوون.. بە دیان قەیرانیان بە کوردستان دروست کردوون.. کەچی نە دان بە هەڵەکانیان دا دەنێن.. نە داوای لێبووردن لە گەلەکەمان دەکەن.. نە واز لە دەسەڵات دەهێنن.. نە تەڤیش دەبن.. بەزەییشیان بە هەژار و برسی و منداڵانی گەلەکەمان نایەتەوە.. بە هەوسی خۆیان، بە ڕاست و چەپ دا، بە ئاشکرا و بە شەرم سامانی گەلەکەیان دەدزن و.. خۆیان بەدەی ناکەن.